بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الم (1)

سەرنجی سەرەتایی سوورەتی (البقرة) بدە.

اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ (2)

خوا زاتێکە جگە لەو خوایەکی تر نیە، وە ئەو هەمیشە زیندووەو چاودێرو ئاگادارە.

نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ (3)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) قورئان بۆ تۆ بەڕاست و دروست دابەزیوە، هەموو ڕاستیەکی تیایەو ڕاستی کتێبە پێشوەکانیش باس دەکات کە پێش خۆی ڕەوانە کراوە، هەروەها خوای گەورە تەوراتی بۆ (موسا) و ئینجیلی بۆ (عیسا) ڕەوانە کردووە..

مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِ اللّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ (4)

کە پێشتر بونەتە هۆی هیدایەت و ڕێنمونیی خەڵکی، هەروەها قورئان، کە جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵە ئەویشی ڕەوانە کردووە، بێگومان ئەوانەی کە بڕوایان نیە بە ئایات و (معجزة)کانی خوا سزای پڕ ئێشیان بۆ ئامادەیە، بێگومان خوای گەورە باڵادەست و تۆڵەسێنەرە (لە بێ باوەڕان).

إِنَّ اللّهَ لاَ يَخْفَىَ عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء (5)

بەڕاستی هیچ شتێك چ لە زەویدا، چ لە ئاسماندا لە خوا شاراوە نیەو هیچی لێ ون نابێت.

هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (6)

هەر ئەو زاتەشە کە نەخشەی ڕوخسارتان لە منداڵدانی (دایکتانا) دادەڕێژێت بە هەر شێوەیەك کە بیەوێت، جگە لەو خوایە خوایەکی تر نیە، وە ئەو زاتە باڵادەست و دانایە.

هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ (7)

هەر ئەو زاتە قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) ڕەوانەکردووە، گەلێك ئایەتی تێدایە کە دامەزراوو پایەدارو ڕوون و ئاشکران، ئەوانە بنچینەو بناغەی قورئانەکەن، هەندێکیشی تیایە کە واتای جۆراو جۆر هەڵدەگرێت و مانای فراوانی هەیە، جا ئەوانەی کە دڵیان دانەمەزراوو نەخۆشە و حەز بە لادان لە حەق و ڕاستیی دەکەن شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراو جۆرو فراوانیان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنەو ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن، یا بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن، لە حاڵێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کە لە زانستی دا ڕۆچون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بە هەر هەموو (ئەو ئایەتانە) هەیە کە لە لایەن پەروەردگارمانەوەیە، فەرمایشتی ئەوە، (لە ڕاستی دا) تەنها خاوەن بیرو هۆشەکان یاداوەری و (سوودی) لێ وەردەگرن.

رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ (8)

(ئەوانە دەڵێن) پەروەردگارا.. دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنموینییت کردووین، ئیتر دڵەکانمان لە خشتە مەبەو لە ڕەحمەت و بەخششی تایبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندەو بەخشێنەری.

رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (9)

پەروەردگارا بەڕاستی تۆ کۆکەرەوەی هەموو خەڵکیت لە ڕۆژێکدا کە گومانی تیا نیە، بێگومان خوا (زاتێك نیە) کە بەڵێنی خۆی نەباتە سەر.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُم مِّنَ اللّهِ شَيْئًا وَأُولَـئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ (10)

(لەو ڕۆژەدا) بەڕستی ئەوانەی کە بێ باوەڕان نە ماڵیان فریایان دەکەوێت نە ڕۆڵەکانیان، تا لە سزای خوا ڕزگاریان بکات، وە ئەوانە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن.

كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ (11)

ئەوانە داب و نەریتیان وەکو داب و نەریتی داروودەستەی فیرعەون و ئەوانەی کە پێشیان هاتوون وایە، ئایەت و (معجزة)کانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، خوایش ئەوانەی بەهۆی گوناهو تاوانیانەوە بە توندی سزاداو گرفتاری کرد، وە خوا تۆڵەسێنەرێکی بەهێزە.

قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ (12)

بەوانەی کە بێ باوەڕن ڕابگەیەنە کە: سەرئەنجام شکست دەخۆن و تێك دەشکێن، لەوەدواش ڕادەپێچرێن بۆ ناو دۆزەخ کە ناخۆشترین خێگەیە.

قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاءُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لَّأُوْلِي الأَبْصَارِ (13)

ئەو دوو دەستەیەی کە لە (جەنگی بەدردا) ڕوبەڕوویەك وەستان نیشانەو پەندێکی (گرنگیان) دەبەخشی: دەستەیەکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگان، دەستەکەی تریان بێ باوەڕبوون، ئیمانداران لەبەرچاوی (بێ باوەڕان) دوو ئەوەندەیان دەنواند (لە مەیدانی جەنگدا)، (وە خوا فریشتەیشی دابەزاند بۆ یارمەتی ئیمانداران)، خوا پشتگیری (هەر دەستەیەك) و هەر کەسێك بیەوێت دەیکات، بەڕاستی ئا لەو ڕووداوەدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی کە بینایی خۆیان بەکاردێنن و بە وردیی بیر دەکەنەوە (کە چۆن کۆمەڵێکی کەم زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا).

زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ (14)

ئارەزووی ئافرەت و بونی نەوەی نێرینەو خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕو زیوو ئەسپی چاك و ڕەسەن و (هۆکانی هاتووچۆ) هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەمووی نازونیعمەتی ژیانی دنیان، خوایش (بۆ چاکان) چاکترین پێشوازی و نازو نیعمەتی ئامادە کردووە.

قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (15)

(بەو خەڵکە) بڵێ: ئایا هەواڵی چاکتر لەو نازو نیعمەتانەتان پێ ڕابگەیەنم؟!

(ئەویش ئەمەیە کە): بۆ ئەوانەی پارێزکارو خواناسن، لای پەروەردگاریان باخەکانی بەهەشت ئامادەیە کە جۆیارو ڕووبار بە ژێر درەختەکانیاو بە بەردەم کۆشکەکانیا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوە لەگەڵ هاوسەرانی پاکیزەدا، وە بە دەم هەستکردنی بەردەوام بە ڕەزامەندیی خواوەندی ئازیز، بێگومان ئەو خوایە بینایە بە بەندەکانی.

الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (16)

ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارا، بەڕاستی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە، دە لە گوناهەکانمان خۆش ببە، وە لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ (17)

(ئەو ئیماندارانە، ئەمە سیفەتیانە) خۆگرو ئارامگرن (لە بەرانبەر ناسۆرو ناخۆشیەکانی ژیانەوە)، ڕاستگۆو خواپەرستن، ماڵ و سامان دەبەخشن، لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوون (لە پەروەردگاریان دەکەن چونکە وا هەست دەکەن کە وەك پێویست خوا پەرستیان نەکردووە).

شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (18)

خوای گەورە (لە ڕێگەی دروستکراوانیەوە، کە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت) خۆی شایەتی دەدات و دەری خستووە کە جگە لەو خوایەکی تر نیە، هەروەها فریشتەکان، هەروەها ئەو زانستخوازانەی کە هەریەکەیان بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن، کە جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە، وە ئەو زاتە خوایەکی باڵادەست و دانایە.

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ (19)

بە ڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە، ئەوانەی کە کتێبە (ئاسمانیەکانیان) دراوەتێ، جیاوازیان لە نێواندا پەیدا نەبووە مەگەر دوای ئەوەی کە زانستی و زانیاری تەواویان پێ گەیشتووە (دەربارەی ڕاستی و تەواوی ئیسلام، بەڵام بەهۆی دنیا پەرستی و دوورنەبینیەوە) ستەمیان کردووە لە خۆیان و (لە ئاینی خوایش)، جا ئەوەی باوەڕی بە ئایەتەکانی خوا نەبێت، ئەوە بێگومان خوا بەخێرایی حسابی خۆی دەکات و (هەر زوو بە دۆزەخیان دەگەیەنێت).

فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (20)

خۆ ئەگەر موجادەلەو گفتوگۆی سەختیان لەگەڵدا کردیت، تۆ بڵێ: من ڕووی خۆمم کردۆتە خواو ملکەچی ئەوم، هەروەها ئەوانەش کە شوێنم کەوتون، وە بەوانەی کە کتێبیان پێ دراوەو ئەوانەش کە نەخوێندەوارن لە (موشریکانی عەرەب) بڵێ: ئایا ئێوە تەسلیم بوون بە خواو موسوڵمان بوون؟ خۆ ئەگەر تەسلیم بوون، ئەوە مانای وایە بەرەو هیدایەت هاتوون، بەڵام ئەگەر سەرپێچی بکەن و باوەڕ نەهێنن، ئەوە لەسەر تۆیە تەنها گەیاندنی پەیامەکە، بێگومان خوای گەورە بینایە بە بەندەکانی.

إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ الِّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (21)

بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان نیە بە ئایەتەکانی خوا، وە پێغەمبەرانیش بە ناحەق دەکوژن، وە ئەوانەش دەکوژن لە خەڵکی کە فەرمان بە دادپەروەری دەدەن، مژدەی سزایەکی پڕ ئێشیان پێ بدە.

أُولَئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ (22)

ئا ئەوانە کەسانێکن کردەوەکانیان پووچ و بێ نرخە لە دنیاو قیامەتا وە کەس نیە پشتیوانیان لێ بکات.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ (23)

ئایا نابینی ئەو کەسانەی کە هەندێك شت دەزانن لە کتێبی (ئاسمانی) کاتێ کە بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبی خوا (قورئان) تا فەرمانڕەوایی بکا لە نێوانیاندا، دەستەیەکیان پشت هەڵ دەکەن و سەرپێچی دەکەن.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (24)

بۆیەش (وا دەکەن) چونکە ئەوانە دەڵێن: ئاگری دۆزەخ چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت بەر ئێمە ناکەوێت، وە ئەوەی کە لە ئاینی خۆیاندا بۆ خۆیان بڕیاردراوە سەری لێ شێواندوون و تەفرەی داون.

فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (25)

ئاخۆ حاڵیان چۆن بێت کاتێ لەو ڕۆژەدا کۆیان دەکەینەوە کە گومان لە پێشهاتنی دا نیە، وە هەموو کەس بەرەنگاری کارو کردەوەی خۆی دەبێت و ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێت.

قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاء وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاء وَتُعِزُّ مَن تَشَاء وَتُذِلُّ مَن تَشَاء بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (26)

(ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار) بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو دروستکراوان و هەموو شتێکی، دەسەڵات دەبەخشی بە هەرکەسێك کە بتەوێت، وە دەسەڵات دەسێنی لە هەرکەسێك کە بتەوێت، هەرکەس کە بەتوێت باڵادەستی دەکەی، هەر کەس کە بتەوێت زەلیل و بێ دەسەڵاتی دەکەی، هەرچی خێر هەیە بەدەست تۆیە، تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا.

تُولِجُ اللَّيْلَ فِي الْنَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الَمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَن تَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ (27)

شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکەی، ڕۆژ تێهەڵکێشی شەو دەکەی، زیندوو لە مردوو دەردێنی، مردوو لە زیندوو دەردێنی، ڕزق و ڕۆزیی بێ حساب و بێ شومار دەبەخشی بە هەرکەس کە بتەوێت (کارەکانت هەر هەمووی پڕە لە حیکمەت و دانایی، بەندەکانت سەرسام و سەر سوڕمان لە کەماڵی تۆ).

لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُوْنِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللّهِ الْمَصِيرُ (28)

نابێت ئیمانداران، کافران بکەنە پشت و پەناو یارو یاوەری خۆیان لە جیاتی ئیمانداران، ئەوەی کاری وا بکات، ئەو کارەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ پەیوەندییەکی ئیمانی بە خواوە نەمێنێت، مەگەر ناچار بن بۆ ئەوەی لە شەڕیان قوتار بن (ئەویش بەوەی کە بەدەم ڕازییان بکەن، نەك بە دڵ و کردەوە، ئەم مۆڵەتەش بۆ ئیماندارانی نا دیارو ناتەوانە)، خوای گەورە بێدارتان دەکاتەوە (لەوەی کاری ناڕەوا بکەن) وە چارەنوستان بۆلای خوایە.

قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (29)

پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینەتاندایە، بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن (چوونیەکە) خوا بە هەموو شتێك دەزانێت، وە زانیاری تەواوی هەیە بە هەرچی لە ئاسمانەکان  و زەوی دایە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوَءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَاللّهُ رَؤُوفُ بِالْعِبَادِ (30)

ڕۆژێك دێت هەرکەس، (دۆسیەو پەروەندەی) کارو کردەوەکانی خۆی دەبینێت ئامادە کراوە بە خێرو شەڕیەوە، ئاوات دەخوازێت کە لە نێوان ئەوو کردەوەکانیدا مەودایەکی دوورو درێژ هەبوایە، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە (لەوەی کە کاری ناڕەوا بکەن)، وە خوا بە سۆزو بە بەزەییە بۆ بەندەکان (ئاگاداریان دەکاتەوە پێش هاتنی ئەو ڕۆژە).

قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (31)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت شوێنی من بکەون و  لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو  هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، (چونکە ئەو) خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ (32)

(دووبارە) پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بن خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوە دڵنیا بن کە خوا کافرو بێ باوەڕانی خۆش ناوێت.

إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ (33)

بەڕاستی خوا ئادەم و نوح و نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووەو ڕێزی داون بەسەر خەڵکی هەموو جیهاندا.

ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (34)

ئەوانە نەوەیەکن کە لە یەکتری داکەوتون، وە خوا خۆی بیسەرو زانایە (پێیان، وە چاك دەزانێ کە شایستە بوون بۆ ئەو کارە گرنگ و پیرۆزە).

إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (35)

(بە یاد بێنە) کاتێ کە هاوسەری عیمران وتی: پەروەردگارا: بەڕاستی من بڕیارم داوە ئەو منداڵەی لە سکمدایە ئازادی بکەم لە هەموو ئەرك و ئیش و کارێك (تا هەر لە خزمەتی بيت المقدس دا بێت) دە تۆش لێم وەرگرە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەرو زانایت.

فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (36)

بەڵام کاتێ کە منداڵەکەی بوو (بەدڵشکاویەوە) وتی: پەروەردگارا خۆ من کچم بوو، بێگومان خوا خۆی چاك دەزانێت کە چی بووە، (خۆ

ئاشكرايه) كوڕيش وەكو كچ نيه (لە گەڵیّ ڕووەوە، وە هەر يەكە ئەرك و فەرمانی خۆی هەيە، ئەوەی بە ئافرەت دەكرێت بە پياو ناكرێت، بە پێچەوانەشەوە، ژن و پياو تەواوكەری يەكترن  و هيچيان لای خوا كەم ڕێز نين)، من ناوم نا مەريەم، من تۆ دەكەمە پەناگای ئەوو نەوەكەشی كە بيانپارێزيت، لە شەيتانی ڕەجم كراو.

فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (37)

(لەوەدوا) پەروەردگاری بە شێوەيەكی جوان و پەسەند مەريەمی وەرگرت، زۆر بە جوانی پێی گەياند، زەكەريای كردە مامۆستاو سەرپەرشتی (كە هەم خزم و هەم پێغەمبەر بوو، تا بەچاكی دينداريی فێر بكات، پاشان كە مەريەم گەورە بوو) هەركاتێ زەكەريا دەچوو بۆ سەردانی لە شوێنی خوا پەرستيەكەی دا دەيبينی ڕزق و ڕۆزيی و نازو نيعمەتی جۆراو جۆری لايە، (زەكەريا دەيپرسی): ئەی مەريەم (ئەم هەموو ڕزق و ڕۆزيەت) لەكوێ بوو؟!، مەريەم لە وەڵاميدا دەيوت: هەموو ئەوانە لەلايەن خواوەيە، ئەو بۆم دەنێرێت، بەڕاستی خوا بە هەركەس كە بيەوێت ڕزق و ڕۆزيی بێ سنوور و بێ شومار دەبەخشيت.

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاء (38)

ئا لەو كاتەدا، وە لەو شوێنەدا زەكەريا هاناو نزای بۆ پەروەردگاری لێ بەرز بوەوەو وتی: پەروەردگارا (بە منيش) نەوەی چاك و پاك ببەخشە، بەراستی تۆ پەروەردگارێكی، بيسەری دۆعاو نزايت.

فَنَادَتْهُ الْمَلآئِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ (39)

جا له کاتێکدا که زەکەریا له پەرستگادا بوو، وه بەپێوه وەستا بوو، نوێژی دەکرد، فریشتەکان بانگیان کرد: خوای گەوره مژدەت دەداتێ به بوونی یەحیا، که ڕاستی فەرمانی تایبەتی خوا دەگەیەنێت، وه گەورەو ڕێزدارەو خۆپارێزه له گوناهان، وه پێغەمبەرێکه له چاکان.

قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلاَمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ (40)

زەکەریا وتی: پەروەردگارا: ئاخۆ چۆن منالْم پێ دەبەخشی خۆ من پیر بووم و هاوسەرەکەشم نەزۆکه، خوای گەوره فەرمووی: هەر ئاوایه (لامان ئاسانه) وه خوا هەرچیەك بیەوێت بیکات دەیکات.

قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّيَ آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ إِلاَّ رَمْزًا وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالإِبْكَارِ (41)

ئەوجا زەکەریا وتی: پەروەدگارا نیشانەیەکم بۆ پێش بێنه (تا دڵنیاو دڵخۆش بم)، خوای گەوره فەرمووی: نیشانەکەت ئەوەیه که ناتوانێ تا سێ ڕۆژ قسه لەگەڵ خەڵکیدا بکەی به ئیشارەت نەبێت، (ئەو کاته تۆ) زۆر یادی پەروەردگارت بکەو تەسبیحات و ستایشی بکه له دەمەوئێوارەو بەرەبەیانەکاندا.

وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ (42)

(هەروەها یادیان بێنه کاتێ که) فریشتەکان وتیان ئەی مەریەم بەڕاستی خوا تۆی هەڵبژاردوەو خاوێن و پاکیزەی کردوویت و هەڵی بژاردویت لەناو هەموو ئافرەتانی جیهاندا.

يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ (43)

ئەی مەریەم ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت به، وه سوژده و کڕنوشی بۆ بەره لەگەڵ کڕنوشبەراندا.

ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُون أَقْلاَمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ (44)

ئەم شتانەی کە باس کران لە هەواڵە شاراوەکان بوون و ئێمە لە ڕێگەی (وەحی)و نیگاوە بە تۆمان ڕاگەیاندوە، خۆ تۆ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) لەوانە نەبوویت کە پێنوسەکانیان فڕێ دایە (ئاوەوە، پێنوسی کێ سەرکوت و ئاو نەیبرد) ئەوەیان مەریەم پەروەردە بکات، وە تۆ لەوێ نەبوویت کاتێ کێشەیان بوو (لەسەر ئەوەی کە کێ بەخێوی بکات).

إِذْ قَالَتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ (45)

(هەروەها تۆ لەوێ نەبوویت) کاتێ کە فریشتەکان بە مەریەمیان وت: ئەی مەریەم بە ڕاستی خوا مژدەت دەداتێ کە بە وشەیەکی خۆی (بە فەرمانی خۆی ڕۆڵەیەکت پێ ببەخشێت) کە ناوی مەسیح، عیسای کوڕی مەریەمە، کە پیاو ماقووڵ و پایەبەرزە لەم دنیادا، لە قیامەتیشدا لە دەستەی نزیکانە (لە ئێمەوە).

وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ (46)

لە بێشکەداو بە گەورەیش قسە دەکات بۆ خەڵکی، لە پیاوچاکانیشە.

قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَلِكِ اللّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ (47)

ئەوسا مەریەم وتی: پەروەردگارا، جا چۆن من منداڵم دەبێت، خۆکەس توخنم نەکەوتووە، (جوبرەئیل فەرمووی): ویست و فەرمانی خوا هەروایە چی بوێت، دروستی دەکات، هەرکاتێ شتێکی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە، دەستبەجێ دەبێت.

وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ (48)

هەروەها شارەزای کتێب و نووسین و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەکات.

وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (49)

(وە لە ئایندەدا ڕای دەگەیەنێت) بە نەوەی ئیسرائیل کە من پێغەمبەرێکم، بۆلای ئێوە ڕەوانە کراوم، وە بەڵگەو نیشانەشم پێ یە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، (کە ئەویش ئەمەیە کە): من لە قوڕ، شێوەی باڵندە دروست دەکەم، دوایی فووی پیا دەکەم، بە فەرمانی خوا، دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو، وە کوێری زکماك و نەخۆشی بەڵەکیی چاك دەکەمەوە بە ویستی خوا، وە مردوانیش زیندوو دەکەموە بە فەرمانی خوا، وە هەواڵی ئەو شتانەی کە دەیخۆن و هەڵتان گرتووە لەماڵەکانتانا پێتان ڕادەگەیەنم، ئا لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە بۆتان ئەگەر ئیماندارن.

وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ (50)

(وە من پێغەمبەرێکم) کە ڕاستی تەورات دەسەلمێنم، هەندێك لەو شتانەی کە لە سەرتان حەرام کراوە (بە فەرمانی خوا) حەڵاڵی دەکەم، من جۆرەها بەڵگەی ترتان نیشان دەدەم کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە پێم بەخشراوە (لە سەر ڕاستی پێغەمبەرایەتیم) دە لە خوا بترسن و فەرمانبەرداری من بن و بە قسەم بکەن.

إِنَّ اللّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ (51)

بەڕاستی هەرخوا پەروەردگاری منیش و ئێوەشە (تەنها ئەو بپەرستن و ملکەچی ئەو بن)، هەر ئەمەشە ڕێبازی ڕاست و دروست.

فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللّهِ آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ (52)

کاتێ کە عیسا هەستی بە کوفرو بێ دینی ئەوانە کرد، وتی: کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا، (کێ دێت تا پێکەوە بەرنامەی خوا بگەیەنین)، حەواریەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی دین و ئاینی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هەیە، وە تۆ بە شایەت بە کە ئێمە موسوڵمان و ملکەچ و فەرمانبەردارین.

رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلَتْ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ (53)

ئەوسا وتیان: پەروەردگارا ئێمە باوەڕمان هەیە، بەوەی ڕەوانەت کردووە وە شوێنی پێغەمبەرەکەش کەوتوین، دە لە ڕیزی شایەتەکانی (گەیاندنی بەرنامەکەتا) یاداشتمان بکە.

وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ (54)

(بەڵام دوژمنانی خوا) پیلانیان گێڕا، خوایش پیلانەکانی پوچ کردنەوە، چونکە خوا چاکترین و بەدەسەڵاترین زاتێکە لە هەڵوەشاندنی نەخشە و پیلانی دوژمنانی (ئاینەکەی دا).

إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (55)

کاتێك کە خوا فەرمووی: ئەی عیسا من (بە شیوەیەکی ئاسایی) تۆ دەمرێنم، پاشان تۆ بەرزو بڵندو پایەدار دەکەم لای خۆم، لەدەستی ناپاکی ئەوانەی کە کافرن ڕزگارت دەکەم، وە بەرزیی و بڵندیی دەبەخشم بەوانەی کە شوێنکەوتوانی تۆن بەسەر کافراندا، هەتا ڕۆژی قیامەت، لەوەدواش گەڕانەوەتان بۆ لای منە، ئەوسا دادوەریی و فەرمانڕەوایی دادپەروەرانە دەکەم لە نێوانتانا لەو شتانەدا کە کێشەتان لەسەری هەبووەو ڕاتان دەربارەی جیاوازە.

فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ (56)

جا ئەوانەی کە کافر بوون سزای توندوتیژیان دەدەم لە دنیادا (بە شکستی و سەر شۆڕییان) وە لە قیامەتیشدا (بە ژیانی سەختی ناو دۆزەخ)، جا لەوێ کەسیان دەست ناکەوێت کە یاریدەدەرو پشتیوانیان بێت.

وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (57)

ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکیان ئەنجام داوە خوا بە تەواوی پاداشتیان دەداتەوە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

ذَلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الآيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ (58)

ئەم هەواڵ و بەسەرهاتانەی کە بەسەرتا  دەیخوێنینەوە (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) لە ئایەتەکانی خوایەو لە یادو باسە پڕ داناییەکانە.

إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ (59)

بەڕاستی نموونەی عیسای لالای خوا وەك نموونەی ئادەم وایە کە لە خاك دروستی کردوو لەوەودوا فەرمانی داو پێی وت: ببە (بە ئینسان) ئەویش بوو، (عیسا دایکی هەبوو، خۆ ئادەم نە دایکی هەبوو نە باوك).

الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُن مِّن الْمُمْتَرِينَ (60)

(هەموو ئەمانەی کە باس کران) حەقیقەت و ڕاستیە لەلایەن پەروەردگارتەوە، هیچ جۆرە شك و گومانێکت نەبێت (لە ڕاستیەکان).

فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَاءنَا وَأَبْنَاءكُمْ وَنِسَاءنَا وَنِسَاءكُمْ وَأَنفُسَنَا وأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَةَ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ (61)

دوای ئەوەی کە هەموو ئەو ڕاستیانەت پێ گەیی (دەربارەی عیسا)، وە کەسانێك هەر لەسەری چوون و شتی ناڕەوایان ووت.. پێیان بڵێ:
وەرن با نەوەکانی ئێمەو نەوەکانی ئێوە، ئافرەتانی ئێمەو ئافرەتانی ئێوە، خۆمان وخۆشتان بانگ بکەین و ئامادە بین (لە شوێنێکی تایبەتدا)، ئەوجا لەخوا بپاڕێینەوەو نەفرینی خوا بکەین لە درۆزنەکان.

إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ اللّهُ وَإِنَّ اللّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (62)

بەڕاستی هەر ئەمەیە بەسەرهاتی ڕاست و دروست (دەربارەی عیسا و دایکی)، هیچ خوایەك نیە جگە لە (الله)، بێگومان ئەو (الله)یە هەر خۆی باڵادەست و دانایە.

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ (63)

(لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگەو ڕاستیانەدا) ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا و بڕوایان نەکرد (ئەوە بزانە ئەوانە ڕاستیخواز نین)، خوایش زاناو ئاگایە بە تاوانباران و گوناهکاران.

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ (64)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم، بە گاوورو جوو) بڵێ، ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانە کراوە وەرن بەدەم بانگەوازو بەرنامەکەیەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لەنێوان ئێمەش و ئێوەشدا...

(ئەویش ئەمەیە کە): جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، وە هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، وە هیچ لایەکمان لاکەی ترمان (بە پیرۆزو فەرمانڕەوا دانەنێین و) لە جیاتی ئەو زاتە نەیپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا) سەرپێچیان کردو گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە شایەت بن کە ئێمە موسوڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین.

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنزِلَتِ التَّورَاةُ وَالإنجِيلُ إِلاَّ مِن بَعْدِهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (65)

ئەی خاوەن کتێبەکان، ئێوە بۆ لە ئیبراهیم دەدوێن و (هەیەکەتان وا دادەنێت کە لەسەر ئاینی ئەوە) خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئەو ڕەوانە کراون، ئەوە بۆ عەقڵ و ژیریتان ناخەنە کار.

هَاأَنتُمْ هَؤُلاء حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (66)

ئەوەتە ئێوە دەدوێن و موجادەلەو باس و خواس لەسەر ئەو شتانە دەکەن کە زانیاریتان دەربارەی هەیە.. دەی بۆچی دەم لەو شتانەشەوە دەدەن کە هیچ زانیاریتان دەربارەی نیە، دیارە کە هەر خوا ئەو شتانە دەزانێت، ئێوە نایزانن.

مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (67)

(ئاشکرایە) کە ئیبراهیم نە جولەکە بووە نە گاوور، بەڵکو ملکەچ و فەرمانبەرداروو موسوڵمان بووەو لەدەستەی موشریك و هاوەڵپەرستان نەبووە.

إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَاللّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ (68)

نزیکان و شوێنکەوتوان و یاوەرانی ئیبراهیم لە خەڵکی، ئەو کەسانەن کەلە سەردەمی خۆیدا شوێنی کەوتبوون، هەروەها ئەم پێغەمبەرەش علیه صلاة وسلام وە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە (بە پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم و موسا و عیساو محمد و هەموو پێغەمبەران بەگشتی علیهم السلام)، بێگومان خوا یارو یاوەری ئیمانداارانە.

وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ (69)

دەستەیەك لە خاوەن كتێنەكان ئاواتەخوازن كە گومڕاتان بكەن، لە كاتێكدا ئەوانە هەر خۆیان گومڕا دەكەن و هەستیشی پێ ناكەن و (خۆیان دەخڵەتێنن).

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ (70)

ئەی خاوەن كتێبەكان بۆ بڕواتان نیە بە ئایەتەكانی خوا (كە هەمووی بەڵگەن لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد صلى الله عليه وسلم) لا كاتێكدا ئێوە بە ئاشكرا (نیشانەی پێغەمبەرایەتی ئەو) دەبینن (لە كتێبەكاندا).

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (71)

ئەی خاوەنانی كتێب بۆچی بەرگی بەتاڵ و ناحەقی دەكەن بە بەری حەق و ڕاستی داو حەق و ڕاستی دەشارنەوە، لە كاتێكدا خۆتان چاك دەزانن (كە كامە حەقەو كامەش ناحەقە).

وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُواْ بِالَّذِيَ أُنزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُواْ آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (72)

دەستەیەك لە خاوەنانی كتێب (جوەكان) وتیان بە تاقمێكیان: ئێوە لە سەرەتای ڕۆژدا ئیمان و باوەڕ بێنن بەو (قورئانەی) كە بۆ ئیمانداران ڕەوانە كراوە، بەڵام لە كۆتایی ڕۆژداو دەمەو ئێوارە پەشیمان ببنەوە (تا دوو دڵی وفیتنەیان تیا دروست ببێ)

وَلاَ تُؤْمِنُواْ إِلاَّ لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ الْهُدَى هُدَى اللّهِ أَن يُؤْتَى أَحَدٌ مِّثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (73)

(هەروەها دەڵێن): بڕوا مەكەن و متمانە مەكەن بە كەس جگە لەوانەی كە شوێنی ئاینی ئێوە كەوتوون!!

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان) بڵێ: کە بەڕاستی هەر هیدایەت و ڕێنمویی خوای هیدایەت و ڕێنموییە، (ئەمەش قسەی جوە کە بەیەکتر دەڵێن): کەس وەکو ئێوەی پێ نەبەخشراوە، باسی (تەورات و دواهەمین پێغەمبەریش مەکەن)!! تا لای پەروەردگارتان (سبەی لە قیامەتدا) قسەیان زاڵ نەبێت بەسەر قسەتانا!!

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم تۆ) بڵێ: بەڕاستی هەرچی ڕێزو بەخشش و فەزڵ هەیە بەدەست خوایەو دەیبەخشێت بەو کەسانەی کە دەیەوێت و (شایستەن) وە خوا فروانگیرو زانایە.

يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (74)

ڕەحمەت و میهرەبانی خۆی تایبەت دەکات بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ و (شایستە بێت) وە خوا خاوەنی ڕێزو بەخشش و فەزڵی زۆر گەورەو بێ ئەندازەیە.

وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (75)

لە شوێنکەوتوانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێك هەن کە ئەگەر ماڵ و دارایەکیی زۆری بە ئامانەت لا دانێی (هەرکاتێ داوای بکەی) بۆت دەگێڕێتەوە بە تەواویی. هەشیانە ئەگەر دینارێکی بە ئەمانەت لا دانێ ی نایگێڕێتەوە بۆ لات مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستابیت، ئەوانە بۆیە وا دەکەن چونکە دەڵێن: کە گوایە لە بەرانبەر دەستەی نەخوێندەوارانداا (مەبەستیان موسوڵمانانە) لێپرسراو بان (ئەگەر فێڵیان لێ بکەین)، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ دەکەن و دەشزانن کە وانیە.

بَلَى مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى فَإِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ (76)

بەڵام هەرکەس پابەندی ئەو پەیمانە بێت کە دەیدات، وە دیندارو خواناس بێت، بەڕاستی خوا پارێزکاران و دیندارانی خۆش دەوێت.

إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُوْلَئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ وَلاَ يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (77)

بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خواو سوێندی ناڕەوا بە نرخێکی کەم دەفرۆشن ( لە پلە پایەی دنیای و پارەو پول و سامان، ئەڵبەتە هەرچەندە بێت هەر کەمە) ئەوانە لەو دنیا هیچ بەشیان نابێت، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتدا خوا نایان دوێنێ و تەماشایان ناکات، (وە لە چڵك و پیسی و گوناه) خاوێنیان ناکات، وە سزای پڕ ئێش و ئازاریشیان بۆ ئامادەیە.

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (78)

دەستەیەك لەوانەی (کە لە چەند ئایەتی پێشودا باس کران، واتە جوولەکان) زمانیان با دەدەن بە جۆرێك شت دەڵێن، گوایە (تەورات) دەخوێننەوە، بۆ ئەوەی (ئێوە چەواشە بکەن و) وا بنوێنن کە ئەو کتێبە دەور دەکەنەوە، لە حاڵێکدا ئەوەی کە دیخوێننەوە لەو کتێبە نیە (وە زۆر جار) دەڵێن: ئەوەی کە دەیخوێنین هەر ئەوەیە کە خوا ڕەوانەی کردووە، بەڵکو هەرگیز ئەوە لەلایەن خواوە نیە، وە بە دەم خواوە درۆ دەڵێن و چاکیش دەزانن کە (درۆو بوختان دەکەن).

مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللّهِ وَلَكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ (79)

بۆ هیچ ئادەمیزادو کەسێک نەگونجاوە کە خوا کتێبی ئاسمانی و فەرمانڕەوایەتی و پێغەمبەرایەتی پێ ببەخشێت، لەوەودوا بە خەڵکی بڵێت: وەرن ببنە عەبدو بەندەی من لە جیاتی عەبدو بەندەی خوا بن،

بەڵکو (بەخەڵکیان ووتوە) هەوڵ بدەن بۆ خوا بژین، بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن، چونکە ئێوە کتێبی ئاسمانی فێر بوون وە وانەی خواناسیتان خوێندووە.

وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ (80)

(هیچ کام لە پێغەمبەران) فەرمانی ئەوەیان نەداوە کە فریشتەکان و پێغەمبەران بکەنە پەروەردگاری خۆتان، (هەرگیز شتی وا ڕەوا نیە و لەوان ناوەشێتەوە) ئایا ڕاستە فەرمانی بێ باوەڕیی و کوفرتان کوفرتان پیا بدەن دوای ئەوەی کە ئێوە بونەتە موسوڵمان و (تەسلیمی حەق بوون)؟!

وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُواْ أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ (81)

(یادیان بێنە) کاتێ کە خوا پەیمانی لە یەکە یەکەی پێغەمبەران وەرگرت کاتێ کە کتێب و دانای پێ بەخشین بەوەی کە ئەگەر: لە ئاییندەدا پێغەمبەرێکم بۆ ڕەوانە کردن و ڕاستی ئەوەی ئێوەشی پێ بوو، دەبێ باوەڕی پێ بهێنن و پشتگیری بکەن، ئەوجا خوا فەرموی: بڕیارتان داو پەیمانی منتان بەو جۆرە وەرگرت کە پێم ڕاگەیاندن، وتیان: بڕیارمان داو (هەروا دەکەین) ئەوسا پێی فەرموون: دە شایەت بن، وە من لەسەر ئەو بڕیارەتان لە شایەتەکانم.

فَمَن تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (82)

جا ئەوەی پشتی هەڵکردو سەرپێچی کرد دوای ئەو هەموو پەیمانە، ئا ئەوانە لە فاسق و گوناهکارانن.

أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ (83)

ئایا ئەوانە بێجگە لە ئاینی خوا شتێكی تریان دەوێت؟! لە كاتێكدا كە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە تەسلیم و ملكەچی پەروەردگارە بە ڕەزامەندیی بێت یا بەناچاری، هەموانیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە.

قُلْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (84)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) بڵێ: باوەڕمان بە خواو بەوە هەیە كە دابەزێنراوە بۆمان، وە بەوەش كە دابەزێنراوە بۆ سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەكانی، وە بەوەش كە دراوە بە موسا و عیساو پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

وە ئێمە جیاوازی ناكەین لە نێوان هیچكامیاندا، وە هەموانمان تەسلیمی ئەو پەروەردگارەین.

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (85)

جا ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێكی تر بكات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.

كَيْفَ يَهْدِي اللّهُ قَوْمًا كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُواْ أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (86)

چۆن خوا كەسانێك هیدایەت دەدات كە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا، پەشیمان بونەوە كافر بوون، لە حاڵێكدا كە شایەتیان دابوو كە پێغەمبەر حەق وڕێژەو بەڵگەو نیشانەیان پێ گەیشتبوو، بێ گومان خوا هیدایەت و ڕێنمویی دەستەو تاقمی ستەمكاران نادات.

أُوْلَئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (87)

ئەوانە پاداشتیان خواو فریشتەكان و هەموو خەڵكیان لەسەرە.

خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ (88)

لەناو ئەو خەشم و نەفرینەدا دەمێننەوەو سزا لەسەریان سوك ناكرێت و مۆڵەتیش نادرێن.

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ فَإِنَّ الله غَفُورٌ رَّحِيمٌ (89)

مەگەر كەسانێك كە فریای خۆیان بكەون و تەوبە بكەن و خۆیان ڕێك و پێك بكەن، بەڕاستی خوا بۆ ئەوانە لێخۆشبوو میهرەبانە.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الضَّآلُّونَ (90)

بەڕاستی ئەوانەی دوای باوەڕ هێنانیان كافر بوون و لەوەودوا زیاتر ڕۆچون لە كوفرو بێ دینیدا، ئەوانە پەشیمانی و تەوبەیان لێ وەرناگیرێت، وە ئەوانە لە دەستەی گومڕاو سەر لێ شیواوەكانن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ الأرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ (91)

بەڕستی ئەوانەی كە كافر بوون و بە كافری مردوون، (ئەگەر) هەریەكەیان بتوانێت پڕ بە پڕی زەوی ئاڵتون بێنێ و بیكا بە فیدیەی خۆی هەرگیز لێی وەرناگیرێت ئەوانە سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیەو كەسیش نیە پشتیوانیان لێ بكات و فریایان بكەوێت.

لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ (92)

ئێوە هەرگیز ناگەنە پلەی چاكی و چاكەكاری هەتا لەو شتانەی كە خۆشتان دەوێن نەبەخشن، هەر شتێكیش ببەخشن خوا ئاگاو زانایە پێی، (لێی وون نابێت و بێ پاداشت نابێت).

كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلاًّ لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلاَّ مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ قُلْ فَأْتُواْ بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (93)

هەرچی خۆراك هەیە بۆ نەوەی ئیسرائیل حەڵاڵ بوو مەگەر ئەوەی کە یەعقوب خۆی لەسەر خۆی حەرام کردبوو پێش ناردنی تەورات، پێیان بڵێ: تەورات بێنن و دەوری بکەنەوە ئەگەر ڕاست دەکەن (دیارە کە جولەکە هەر لە خۆیانەوە دەمبازی دەکەن و قسە ڕێك دەخەن و شت حەرام دەکەن).

فَمَنِ افْتَرَىَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (94)

جا ئیتر دوای ئەو هەموو (ڕوون کردنەوانە) ئەوەی بە دەم خواوە درۆ هەڵبەسێ، ئا ئەوانە هەر ستەمکارن.

قُلْ صَدَقَ اللّهُ فَاتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (95)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان) بڵێ: خوای گەورە لە هەموو فەرمایشتەکانیا ڕاستی فەرمووە، کەواتە شوێنی ئاین و بەرنامەی ئیبراهیم بکەون کە پاك و دروست و فەرمانبەردارە، وە ئەو هەرگیز لە موشریك و هەلپەرستان نەبووە.

إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ (96)

بەڕاستی یەکەم خانەو ماڵ ومەنزڵگایەك کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی (بۆ خوا پەرستی) ئەوەیە کە لە مەککەدایە کە هیدایەت و ڕێنمویی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ (97)

(لە کەعبەدا) نیشانەو بەڵگەی زۆرو ئاشکرای تیایە، شوێنی تایبەتی خواپەرستی ئیبراهیمی لێیە، ئەوەی بچێتە ناوی ئەمین و ئاسودەیە لە هەموو دەستدرێژیەك.

خوای گەورە لەسەر خەڵکی بڕیار داوە حەج و سەردانی (بیت، کەعبە) بەتایبەت ئەوانەی کە توانای (دارایی)یان هەیەو (تەندروستییان باشە)،

جا ئەوەی کە باوەڕی نیە حەق پۆشە، ئەوە با بزانێت کە خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکان (وە پێویستی بە چاکەو پەرستنی کەس نیە).

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَاللّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ (98)

ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە خاوەنانی کتێب بڵێ: بۆچی ئێوە باوەڕ ناکەن بە ئایەتەکانی خوا، خۆ خوا شایەتە لەسەر ئەو کارو کردەوانەئ ئەنجامی دەدەن.

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَاء وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (99)

(هەروەها) بڵێ: ئەی خاوەنی کتێی بۆچی دژایەتی ڕێبازی خوا دەکەن، وە دەتانەوێت ئەوەی باوەڕی هێناوە (پەشیمانی بکەنەوەو) ڕێبازەکەی بە کەچ بخەنە بەرچاو؟ خۆ خۆتان چاك دەزانن و شایەتن (کە من تەنها ئاینی ئیسلامم لا پەسەندە)(دلنیاش بن) کە خوا غافڵ و بێ ئاگا نیە لەو شتانەی کە دەیکەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ (100)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێ ڕایەڵی هەندێك لەوانە ببن کە کتێبی (ئاسمانییان) پێ دراوە، دوای ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان هێنابوو، دەتانخەنەوە سەر ڕێبازی کوفرو بێ باوەڕی.

وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (101)

جا ئێوە چۆن کافر دەبن لە کاتێکدا کە ئایەتەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، وە پێغەمبەرەکەی لەناوتانایە (دوای وەفاتیشی سەلامی خوای لێ بێت بە سیرەتی پاك و بێگەردی هەر لە ناوماندایە) جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت و پەیڕەوی لە بەرنامەکەی بکات، ئەوە بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروس هیدایەت دراوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ (102)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکار بن بەشێوەیەکی وا کە شایستەی ئەو زاتەیە، (وە هەمیشە پابەندو دامەزراو بن لەسەر ئیسلامەتی، بۆ ئەویە هەرکاتێ مردن) بە ئیمان و ئیسلامەتی نەبێت نەمرن.

وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (103)

(هەوڵ بدەن) هەر هەمووتانبە توندی دەست بگرن بە ئاینی خواوە و پەرت و بڵاو مەبن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، (چونکە) کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون کەچی دڵەکانتانی بە هۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بە یەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر (هەروەها ئەو کاتە) ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستابوون و (خەریك بوو بکەونە ناوی)، بەڵام خوا (بەڕەحم و میهرەبانی خۆی) لەو ئاگرە ڕزگاری کردن، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو هیدایەت وەرگرن.

وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (104)

دەبێت لە ئێوە ئومەتێك پێك بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێك بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەك بکەن، هەر هەر ئەوانەشن سەرفرازان.

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (105)

نەکەن وەکو ئەو کەسانە بن کە ناکۆکی و دووبەرەکیان لەناودا بەرپا بوو، لەیەك دابڕان، دوای ئەوەی بەڵگە نیشانەشیان پێ گەیشتبوو (کە سەرکەوتن لە یەکریزیدایە)، ئەوانە سزایەکی گەورەو سەخت چاوەڕێیانە.

يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكْفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ (106)

ڕۆژێك دێت ڕووخسارانێك سپی دەبن و ڕووخسارانێك ڕەش هەڵدەگەڕێن، ئەوانەی کە ڕوخساریان ڕەش هەڵدەگەڕێت (پێیان دەوترێت): باشە، ئەوە ئێوە پێش ئیمانداریی، پەشیمان بوونەوەو ڕێبازی کوفرتان گرتە بەر؟! دە بچێژن سزاو ئازار بەهۆی کافربونتانەوە.

وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (107)

بەڵام ئەوانەی کە ڕوخساریان سپی و گەش و جوانە لەناو ڕەحمەت و میهرەبانی خوادا ژیان دەبەنە سەر بۆ هەمیشەو بۆ هەتاهەتایی.

تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَمَا اللّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ (108)

ئەمانە ئایەتەکانی خوای گەورەن کە بە ڕاست و دروستی بەسەرتا ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیخوێنینەوە، خوایش ستەمی ناوێت و لای پەسەند نیە (لە هیچ کەس و) لە خەڵکان بکرێت.

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ (109)

هەرچی لە ئاسمانەکانو هەرچی لە زەویدا هەیە، هەر خوا خاوەنیانە، وە گەڕانەوەی هەموو شتێك هەر بۆلای خوایە.

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ (110)

(بەڕاستی) ئیتر ئێوە چاکترین ئومەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هەیە، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بێنایە (بە ئاینی ئیسلام) وە چاکتر بوو بۆیان، هەیانە ئیماندارن بەڵام زۆربەیان گوناه کارو تاوانبارن.

لَن يَضُرُّوكُمْ إِلاَّ أَذًى وَإِن يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الأَدُبَارَ ثُمَّ لاَ يُنصَرُونَ (111)

هەرگیز ئەوانە ناتواننزەرەری گەورەتان لێ بدەن مەگەر ئازارێکی کەم، وە ئەگەر بجنگن دژتان پشتتان لێ هەڵدەکەن و هەڵدێن، لەوەودواش سەرکەوتوونابن.

ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُواْ إِلاَّ بِحَبْلٍ مِّنْ اللّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ النَّاسِ وَبَآؤُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ الأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ (112)

(جولەکە) زەلیلیی و ڕیسواییان بۆ بڕیار دراوە لەهەرکوێ جێگیر بن مەگەر لە سایەی ئاینی خوادا بەحەوێنەوەو (زوڵمیان لێ نەکرێت کاتێ ئیسلام فەرمانڕەوا بێت) یا بەخۆهەڵواسین بە خەڵکیدا بۆ یارمەتیدانیان، یان پشت گرتنیان (لەو سەردەمانەدا کە ئیسلام فەرمانڕەوا بووە بە ئاسودەیی ژیاون، هەرچەندە لە ژێرەوە هەر خەریکی پیلان گێران بوون، لە سەدەی بیستەمیشدا توانیان ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێ وڵاتی تریش، بکەنە پشتیوان و داردەستی خۆیان) ئەوانە شایستەی خەشم و قینی خوا بوون و زەلیلی و خەجاڵەتی بەشیانە، چونکە ئەوانە بڕوایان نیە ب ەئایەتەکانی خوا، وە پێغەمبەرانیش بە ناحەق دەکوژن، ئەم یاخی بوون و سەرشۆڕیە یان، بەهۆی سەرپێچی و گوناهباریانەوەیە، وە هەمیشە ئەوانە لە سنور دەرچوون و دەردەچن.

لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ (113)

(گاوورو جوو) هەموویان یەکسان و چوون یەك نین، بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەکی ئیماندار نیە، کە ئایەتەکانی خوا لەناخی شەوگاردا دەور دەکەنەوەو نوێژ دەکەن و سوژدە دەبەن و (موسوڵمانن بە هەموو واتایەك).

يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ (114)

ئەوانە ئیمان وباوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیەو، فەرمان دەدەن بە چاکەو قەدەغەی خراپە دەکەن و بە پەلەو تاڵوکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەك، بێگومان ئەوانە لە ڕیزی چاکەکارو چاکەخوازاندان.

وَمَا يَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوْهُ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ (115)

(ئەو ئیماندارانە) هەر چاکەیەك ئەنجام بدەن بەفیڕۆ ناچێت، خوایش زانایە بە پارێزکارو دینداران.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُم مِّنَ اللّهِ شَيْئًا وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (116)

بەڕستی ئەوانەی کە کافرن، هەرگیز ماڵ و منداڵیان فریایان ناکەوێت و لەدەست خەشم و قینی خوا ڕزگاریان نابێت، ئەوانە نیشتەجێی ناو دۆزەخن و تیایدا ژیانی هەمیشەی دەبەنە سەر.

مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هِذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللّهُ وَلَكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (117)

نمونەی (ئەو ماڵ و دارایییەی کە) دەیبەخشن لەم ژیانی دنیایەدا، وەك ڕەشە بایەکی زۆر سارد وایە کە بدا بەسەر کێڵگەی کەسانێکدا کە ستەمیان لە خۆیان کردبێت (بەهۆی گوناهو تاوانەوە) وە هەمووی تیا بەرێت، جا وە نەبێت خوا ستەمی لێکردبن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لاَ يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاء مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الآيَاتِ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ (118)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بە کەسانێکی تر جگە لەخۆتان متمانە مەکەن و نهێنی خۆتان لای کەسنای کە مەدرکێنن، چونکە کەسانی تر کۆڵنادەن لە پێش هێنانی گیروگرفت و تەنگانەو ناخۆشی بۆتان، ئاواتیان ئازاردان و کێشەسازیە بۆتان، بە ئاشکرا خەشم و ڕق و کینە لە دەمیان دەباریت، ئەوەی لە سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی کە دەری دەخەن، بێگومان ئێمە نیشانەو بەڵگەمان بۆ دیاری کردوون، تا دۆست لە دوژمن جیا بکەنەوە، ئەگەر ئەقڵ و ژیریتان بخەنە کار.

هَاأَنتُمْ أُوْلاء تُحِبُّونَهُمْ وَلاَ يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ عَضُّواْ عَلَيْكُمُ الأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (119)

ها ئەوەتە ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێت، وە باوەڕتان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکانیش هەیە (بەڵام ئەوان باوەڕیان بە محمد صلی الله علیه وسلم، وە بە قورئان نیە)، وە کاتێکیش کە پێتان دەگەن دەڵێن: ئێمە ئیمانداریـن بەڵام کاتێ کە بەتەنها دەبن، پەنجەی خۆیان دەگەزن ئەوەندە ڕق ئەستورو داخ لە دڵن، (پێیان بڵێ): دەك بمرن لەداخا، بەڕاستی خوا خۆی زانایە بەوەی کە لە دڵ و دەرون و سینەکاندا حەشار دراوە و (چاکتان دەناسێت).

إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (120)

ئەگەر چاکەیەك، خێرێک، خۆشیەك، ڕوو بکاتە ئێوە، بێزارو بێتاقەت دەبن، وە ئەگەر بەڵاو ناخۆشیەکتان بۆ پێش بێت، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن، جا ئەگەر خۆگر بن و پارێزکار بن، پیلان و تەڵەکەی ئەوانە هیچ زیانێکتان پێ ناگەیەنێت چونکە بەڕاستی خوا دەوری پیلان و پیلانیانی داوەو ئاگایە بە هەموو کارو کردەوەو نەخشەیەکیان.

وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (121)

(لێرەوە قورئان لە غەزای ئوحود دەدوێت). (یادی ئیمانداران بخەرەوە) کاتێک کە بەیانی زوو لەماڵ دەرچویت، وە شوێنی جەنگت بۆ ئیمانداران دیاری کرد (تیر ئەندازانی لەسەر گردەکە دامەزراند و فەرموی پێیان: ئێمە سەرکەوتو بوین، یان شکاین ئێوە شوێنی خۆتان چۆڵ مەکەن)، وە شوێنی تریشی بۆ ئەوانی تر دیاری کرد، خوای گەورەش بیسەرە (بە گوفتاریان) زانایە (بە بیرو بۆچونیان).

إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلاَ وَاللّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ (122)

خەريك بوو دوو دەستە لە ئێوە پەشیمان ببنەوەو (لە نیوەی ڕێ بگەڕێنەوە، بەڵام) خوا یارو یاوەریان بوو (دڵیانی دامەزراند لەسەر فەرمانبەرداری) دەبا ئیمانداران هەر پشت بە خوا ببەستن.

وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (123)

بێگومان خوا لە غەزای بەدردا سەری خستن، هەرچەندە ئێوە لە ژمارەو چەکدا لاواز بوون، دەی کەواتە لەخوا بترسن، بەڵکو بتوانن سوپاسگوزار بن.

إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلاَثَةِ آلاَفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُنزَلِينَ (124)

(یادیان بێنە) کاتێ کە بە ئیماندارانت دەوت: ئایا ئەوەندە بەس نیە کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە کۆمەکتان کاو دایان بەزێنێ.

بَلَى إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلافٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُسَوِّمِينَ (125)

بەڵی ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزکار بن هەر ئا ئێستە دێن بۆلاتان وە پەروەردگارتان پێنج هەزار فریشتەی نیشانەدارتان بۆ ڕەوانە دەکات تا کۆمەکیتان بکەن.

وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (126)

وە ئەو (هاوکاری) فریشتانە لەلایەن خواوە تەنها مژدەیەك بوو بۆتان تا دڵەکانتان پێی دامەزراوتر بێت، ئەگینا سەرکەوتن تەنها لەلایەن خوای باڵادەست و داناوەیە و هەر ئەو دەیبەخشێت.

لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُواْ خَآئِبِينَ (127)

(وە ئەو یاریدەی فریشتانە) لەبەر ئەوە بوو کە لایەکی هێزی کافران داڕوخێنێت، یا سەرکوت و نابوتیان بکاو بە نائومێدی و خەجاڵەتیەوە بگەڕێنەوە.

لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذَّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ (128)

تۆ هیچ شتێکت لا کروباری بەندەکان بەدەست نیە (بەڵکو هەموو شت بەدەست خوا خۆیەتی) ئەگەر تەوبەو پەشیمانیان لێ وەرگرێت، یا سزاو ئازاریان بدات، (سەربەستە) چونکە ئەوانە ستەمکارن.

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (129)

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە خوای گەورە خاوەنیانە، لە هەرکەس کە بیەوێت خۆش دەبێت و (چاوپۆشی زۆرە)، هەرکەسیش (شایستەی سزا بێت) سزای دەدات، خوا لێ خۆش بوو میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ الرِّبَا أَضْعَافًا مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (130)

(ئەم ئایەتە تێهەڵکێشی باسی غەزای ئوحود کراوە بۆ ئەوەی بسەلمێ کە ئەم ئاینە هەموو چەمکەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆیە ڕوو بە ئیمانداران دەفەرمویێت): ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە سوو بە چەند قات و چەند بەرانبەر مەخۆن (ئەمەش قۆناغێك بوو لە حەرام کردنی یەکجاریی) وە لە خوا بترسن، بەڵکو سەرفەراز بن.

وَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ (131)

وە خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە ئامادە کراوە بۆ  کافران و بێ باوەڕان.

وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (132)

وە فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت.

وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ (133)

وە بە پەلەو تاڵوکە بن بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانایيەکەی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوەو  ئامادە کراقە بۆ پارێزکاران (پێغەمبەریش سەلامی خوای لەسەر بێت، دەفەرمویێت: مەنزڵگای هەندێك دەبینن وەکو چۆن ئەستێرەی گەش دەبینن لە دوورەوە، فەرمویانە: ئەی پێغەمبەری خوا: ڕەنگە ئەوانە مەنزڵگای پێغەمبەران بن، فەرمویەتی: نەخێر، بەڵکو مەنزڵگای کەسانێکن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکی هێناوە، جا ئێستاو لەم سەردەمانەی دوایدا زانراوە ئەستێرەی چەند گەورە گەورە هەیە، کە ڕۆژ لە ئاستیا زۆر بچوکە جا چ جای زەوی!!).

الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاء وَالضَّرَّاء وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (134)

ئەوانەی کە لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆ دەگرن، لە

خەڵکی خۆش دەبن و چاوپۆشییان لێ دەکەن، (دیارە کە) خوای میهرەبان چاکەکارو چاکەخوازانی خۆش دەوێت.

وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (135)

ئەوانەش کە تاوانێك یان گوناهێك ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوە) و یادی خوا دەکەن و داوای لێخۆشبونی گوناهیان دەکەن، جا کێ هەیە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناه و تاوانیان بەردەوام نابن وە بەئاگاییەوە (دوبارەی ناکەنەوە).

أُوْلَئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (136)

بۆ ئەوانە لێخۆشبون و لێبوردەیی هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاوڕی لەگەڵ باخەکانی بەهەشت دا کە جۆبارو ڕووبار بەژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیاندا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر، (بێ گومان) ئەم بەهرەیە پاداشتی کۆششکارانە (دوای تەوبەکەیان لە هەوڵ و کۆششی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا دەبن).

قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذَّبِينَ (137)

بەڕاستی پێش ئێوە یاساو بەرنامەیەك هەبووە (لەلایەن خواوە کە سەرئەنجام ئیماندارانی سەرخستووە و کافرانی لەناو بردووە) دە بگەڕێن بەسەر زەویدا و تەماشا بکەن و سەرنج بدەن بزانن سەرئەنجامی ئەوانە چۆن بووە کە پێغەمبەرانی خوایان بەدرۆ خستۆتەوە.

هَذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ (138)

ئەو (باسانە) بەیان نامەو روونکردنەوەیە بۆ خەڵکی بەگشتی، وە ڕێنمو بەخش و ئامۆژگاریە بۆ پارێزکاران.

وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (139)

کۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوەو خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفرازو سەرکەوتوو دەبن ئەگەر ئیمانداری چاك و ڕاست و دروست بن.

إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (140)

ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشیەك (لە جەنگی ئوحود)دا توشی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵکەش (لەجەنگی بەدردا) تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، ئێمە ئەو ڕۆژە دەگێڕین بەناو خەڵکیدا (تا لە جیهانی واقیعش دا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات، وە هەندێك قوربانی و شەهیدیشیان لێ وەرگرێ، بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

وَلِيُمَحِّصَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ (141)

خوا (تاقی کردنەوە پێش دێنێت) تا ئەوانەی ئیماندارن پاك و بێگەردیان بکات، کافرانیش نابووت و ڕیسوا بکات.

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللّهُ الَّذِينَ جَاهَدُواْ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ (142)

ئایا وا دەزانن (هەروا بە ئاسانی) دەچنە بەهەشتەوە، بێ ئەوەی خوا (لە جیهانی واقیعدا) دەری بخات کێتان هەوڵ و کۆششی داوە کێتان خۆڕاگرو ئارامگر بووە.

وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ (143)

خۆ ئێوە ئاواتی مردنتان دەخواست پێش ئەوەی پێی بگەن (دەتانوت: کەی جەنگ دەبێت تا بکوژرێین) خۆ ئەوەتە ئێتر بینیتان بە چاوی خۆتان (کاتێ هەندێک لە ئێوە شەهید کران).

وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ (144)

(محمد صلی الله علیه وسلم) تەنها پێغەمبەرێك نەبووە وەفات بکات، پێغەمبەرانی پێش ئەمیش (وەفاتیان کردووە)، ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژراو شەهید بوو، ئێوە پاشگەز دەبنەوەو هەڵدەگەڕێنەوە؟! (لەو دین و ئاینەی کە پێی گەیاندوون) خۆ ئەوەی هەڵدەگەڕێتەوەو پاشگەز بێتەوە هەرگیز زەرەر بە خوا ناگەیەنێت (بەڵکو هەر خۆی زەرەر دەکات) خوایش پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە.

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ الله كِتَابًا مُّؤَجَّلًا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ (145)

هیچ کەسێک نامرێت مەگەر لەسەر ویستی خوا نەبێت، لە کات و وەختی دیاری کراودا (ئەمەش خۆی هاندەرێکە بۆ ئیماندار کە لە مەرگ نەترسێت) جا ئەوەی پاداشتی دنیای دەوێت پێی دەبەخشین، ئەوەش پاداشتی قیامەتی دەوێت هەر پێی دەبەخشین، (بێگومان) پاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە (بە جوانترین شێوە).

وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُواْ لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا اسْتَكَانُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ (146)

چەندەها پێغەمبەر هەبووە کە خواناسان و پیاو چاکانی زۆر لە خزمەتیدا جەنگاون، ئەوانە هیچ کات سستی و بێزاری و بێ تاقەتی ڕووی تێ نەکردون (کاتێك کە) لە پێناوی خوادا (جەنگاون)، خوایش ئارامگران و خۆگرانی خۆش دەوێت.

وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلاَّ أَن قَالُواْ ربَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (147)

(ئەو كاتە) تەنها گوفتاریان ئەمە بووە كە وتویانە: پەروەردگارا لە گوناهو هەڵەكانمان ببورە، لە زیادەڕەوی و توند ڕەویمان خۆش ببە، پێیەكانمان دامەزراو بكە، سەرمان بخە بەسەر قەومی كافراندا.

فَآتَاهُمُ اللّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الآخِرَةِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (148)

ئەوسا ئیتر خوا پاداشتی دنیای پێ بەخشیون (بە سەركەوتن و پایەداری)، وە پاداشتی چاكی قیامەتیشی بۆ مسۆگەر كردن، وە خوا چاكەكارانی خۆش دەوێت.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ (149)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ملكەچ و گوێڕایەڵی ئەوانە بن كە كافرو بێ دینن، پاشگەزتان دەكەنەوەو لە دین وەرتان دەگێڕن، ئەوسا ئیتر زەرەرمەند دەبن.

بَلِ اللّهُ مَوْلاَكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ (150)

(دڵنیا بن كە خوا نەناسان یارو یاوەری ئێوە نین) بەڵكو خوا یارو یاوەرتانە وە ئەو چاكترین پشتیوان و یاریدەدەرە.

سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ (151)

(ئەی گرۆی ئیمانداران دڵنیا بن كە ئێمە): ترس و لەرز فڕێ دەدەینە دڵی ئەوانەی كە كافرن، چونكە شەریك و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە بەبێ هیچ بەڵگەیەك، شوێنەواریشیان ئاگری دۆزەخە كە ناخۆشترین جێگەیە بۆ ستەمكاران.

وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ (152)

بێگومان خوا بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردە سەر (لەسەرتای جەنگی ئوحود)دا، هەر بە مۆڵەت و یارمەتی ئە (دوژمنانتان) بەگیر هێناو تێکتان شکاندن، هەتا ئەو کاتەی کە ساردی ڕووی تێکردن و بوو بە کێشەتان لەسەر هەندێک شت، و هیاخی بوون (لە فەرمانی پێغەمبەرو صلی الله علیه وسلم سەنگەرتان چۆڵ کرد)دوای ئەوەی کە هەندێ شتی نیشان دان کە حەزتان لێ دەکرد، هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوەودوا دەستی ئێوەی کۆتا کرد (لە دوژمنان) تا تاقیتان بکاتەوە، بێگومان لەوەودوا خوا چاوپۆشی لێکردن و لێتان خۆش بوو، وە خوا فەزڵ و ڕێزی هەیە بۆ ئیمانداران.

إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَى أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غُمَّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (153)

ئیتر ئەوە بوو کە (بەگیرهاتن و کشانەوەو) هەڵدەگەڕان (بەکێوی ئوحود)دا، ئاوڕتان لەکەس نەدەدایەوە پێغەمبەریش لەدواوە بانگی دەکردن: (ئەی بەندەکانی خوا بگەڕێنەوە، لەوەودوا چونکە ئێوە) خەم و خەفەتتان کردە دڵی پێغەمبەرەوە (بە نافەرمانیتان، خوای گەورەش) خەم و پەژارەی کردە دڵی ئێوەوە (بە دەنگ و باسی شەهید بوونی پێغەمبەرو بریندار کردنی) تاوکو خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی کە لە دەستتان چوەو وە ئەوەش کە توشتان بووە (دیارە کە هاوەڵان پێغەمبەریان لە خۆیان و لەهەموو شت لا خۆشەویستر بووە) بێگومان خوا ئاگادارە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّن بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاساً يَغْشَى طَآئِفَةً مِّنكُمْ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ

يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (154)

پاشان، دوای ئەو غەم و پەژارەیە ئاراميى و هێمنى و وەنەوزێكى بۆ پێش هێنان بوو، گومانی ناحەقیان دەبر بەخوای گەورە، گومانی نەفامانەیان هەبوو، دەیانوت: باشە هیچ كارێك، هیچ شتێك بەدەستی ئێمەیە؟! پێیان بڵێ: بێگومان هەموو شتێك بەدەست خوایە ئەوانە هەندێك شت دەشارنەوە لە دەروونی خۆیاندا و بۆ تۆی دەرناخەن، هەروەها دەڵێن: ئەگەر ئێمە شتێكمان بدەست بوایە (بە قسەی ئێمەیان بكردایە) ئا لێرەدا نەدەكوژراین!!

پێیان بڵێ: ئەگەر لەماڵی خۆتانا بونایە، ئەوانەی كە بڕیارە بكوژرانایە، دەبوایە هەر وایان بەسەربهاتایە و لە شوێنی كوژرانیان دا ڕاكشانایە. (بێگومان خوا ئەم شتانەتان بەسەر دێنێ) تا دەرونتان تاقی بكاتەوە، وە چی لە دڵەكانتانا هەیە ڕونی بكاتەوەو حەقیقەتی دەربخا، (چونكە ئەو خوایە زانایە بەوەی كە لە سینەكاندا حەشار دراوە

إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ (155)

بێگومان ئەوانەی پشتیان هەڵكرد (لە غەزاری ئوحود)دا، ئەو ڕۆژەی هەردوو دەستەی (ئیمان و كوفر) بەرەنگاری یەك بوون، ئەوانە شەیتان توشی هەڵەی كرد بەهۆی هەندێك گوناهەوە كە ئەنجامیان دابوو، بێگومان خوا لێیان خۆش بوو چونكە بەڕاستی خوا لێ خۆشبوو و بەئارامە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِي الأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ اللّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (156)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە وەکو ئەوانە مەبن کە کافر بوون، کاتی سەفەر بە سەر زەویدا، یاخود کاتی جەنگ، بە برایانی (هاوبیریان) دەوت: ئەگەر لای ئێمە بونایە نە، دەمردن، نە، دەکوژران!! بۆ ئەوەی خوا ئەوە بکاتە خەفەت و ناخۆشی لە دڵیاندا (خۆ هەر) خوا ژیان بەخشە و مرێنەرە، وە خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ (157)

خۆ ئەگەر بکوژرێن لە پێناوی خوادا یاخود بمرن، لێخۆش بوون لەلایەن خواوە هاوڕێ لەگەڵ ڕەحمەت دا چاکترە لەوەی کە خەڵکی کۆی دەکەنەوە.

وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لإِلَى الله تُحْشَرُونَ (158)

خۆ ئەگەر بمرن یا بکوژرێن هەر بۆلای دەگەڕێنەوە. (ژیانی دنیا کورت و کۆتایە).

فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ (159)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمنی لەگەڵ ئەواندا، خۆ ئەگەر توڕەو دڵڕەق بویتایە، هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد، کەواتە چاوپۆشیان لێ بکەو لێیان ببورەو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە، لە کارو پێشهاتا پرس و رایان پێ بکە، (دوای مەشوەرەت و پرس و ڕا) ئەگەر بڕیارت دا (کارێك ئەنجام بدەی، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێ دەبەستن.

إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن بَعْدِهِ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكِّلِ الْمُؤْمِنُونَ (160)

ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت کەس ناتوانێت سەرکەوێت بەسەرتان دا، خۆ ئەگەر شکستان پێ بێنێت، کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکاو یارمەتیتان بدات، دە با ئەوانەی ئیماندارن هەر پشت بە خوا ببەستن.

وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (161)

(هەندێک گومانیان برد کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە دابەشکردنی دەسکەوتدا نادادیی دەدات) بێگومان بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە کە نادادیی و ناحەقی بکات، وە هەر کەس ناحەقیی و نادادیی بکات لە ڕۆژی قیامەتدا نادادیی کەی یەخەی پێ دەگرێت و بەکۆڵیەوەیەتی (لە پێش چاوی خەڵك) لەوەودوا پاداشتی هەر کەسێك بە گوێرەی کردەوەکانی دەدرێتەوەو ستەمیان لێ ناکرێت.

أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللّهِ كَمَن بَاء بِسَخْطٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (162)

ئایا ئەو کەسەی (بە پەرستن و چاکەکاری) شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتبێت، وەکو ئەو کەسە وایە (کە بەهۆی گوناهو تاوانەوە) شایستەی خەشم و قینی خوا بێت؟ شوێنی ئەو جۆرە کەسانە دۆزەخە کە ناخۆشترین و ناسۆرترین سەرئەنجامە.

هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللّهِ واللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (163)

هەریەك لەو (دوو دەستەیە) پلەو پایەی خۆی هەیە لای خوا (لە بەهەشتی بەریندا یاخود لە ناخی دۆزەخدا)، وە خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

لَقَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ (164)

بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران بەوەی کەلە ناو خۆیاندا بەوەی کە لە ناو خۆیاندا پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردون کە ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە دڵ و دەرونیان پاك و پوخت دەکاتەوە وە فێری قورئان و دانایی یان دەکات، هەرچەندە پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (165)

ئایا کاتێ کە تووشی بەڵاو ناخۆشیەك بوون (لە جەنگی ئوحود)دا بۆ دەڵێن: ئەمە چی بوو؟ بۆ وامان بەسەر هات؟ (ئەی بۆ لە یادیان چوو، خۆ لە جەنگی بەدردا) ئێوە دوو ئەوەندەتان بەوان کرد؟!

ئینجا پێ یان بڵێ: ئەم بەڵایە بەهۆی خۆتانەوە تووشتان هات (کاتێ کە نافەرمانی پێغەمبەرتان کردو تەماعی دنیا لە دەروونتانا جوڵا) بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، (بەندە چاکەکانیشی کاتێ هەڵە بکەن تووشی بەڵایان دەکات).

وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللّهِ وَلِيَعْلَمَ الْمُؤْمِنِينَ (166)

ئەوەی کە توشتان بوو ئەو ڕۆژەی هەردوو ئۆردوو (لە جەنگی ئوحود)دا بەرەنگاری یەك بوون ئەوە ویستی خوای لەسەر بوو تا ئیمانی باوەڕداران دەرخات.

وَلْيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُواْ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ قَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوِ ادْفَعُواْ قَالُواْ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لاَّتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ (167)

وە دووڕوویی و نالەباریی دوو ڕووەکانیش دەرخات، کاتێک کە پێیان وترا: وەرن بجەنگن لە پێناوی خوادا، یا (هیچ نەبێت) بەرگری لە خۆتان و ماڵ و منداڵتان بکەن، وتیان: ئەگەر شەڕو جەنگمان بزانیایە شوێنتان دەکەوتین و دەجەنگاین، ئەوانە ئەو ڕۆژە لە کوفرەوە نزیکن تا

ئیمان، به دەمیان شتێك دەڵێن كه له دڵ و دەرونیاندا نیه، وه خوایش زۆر زاناتره (له خۆیان) بەوەی كه دەیشارنەوه.

الَّذِينَ قَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (168)

ئەوانەی كه خۆیان بۆی دانیشتن و (نەچوون بۆ جەنگ) وه به براكانی خۆیانیان وت: ئەگەر ئەوانه (واته شەهیدان) به قسەی ئێمەیان بكردایه نەدەكوژران، ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێیان بڵێ: دەی كەواته مردن له خۆتان دوور بخەنەوه ئەگەر ڕاست دەكەن**!!**

وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (169)

هەرگیز وا مەزانن و وا دامەنێن ئەوانەی له پێناوی خوادا شەهید بوون و كوژراون، مردوون، بەڵكو ئەوانه لای پەروەردگاریانن و زیندون و له ڕزق و ڕۆزیی بەهرەوەرن.

فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُواْ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلاَّ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (170)

زۆر دڵخۆش و شادمانن بەخشانەی كه خوای گەوره پێی بەخشیون، مژدەش دەدەن بەوانەی كه هێشتا بەوان نەگەیشتوون و (شەهید نەبوون) كه هیچ ترس و بیمێكتان نەبێت، هیچ غەم و پەژارەیەكتان نابێت.

يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ (171)

مژده دەدەن به نازو نیعمەتانی تایبەتی و فەزڵ و ڕێزی بێ سنور لەلایەن خوای میهرەبانەوه، كه بەڕاستی خوا پاداشتی ئیمانداران زایه ناكات.

الَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِلّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ مِنْهُمْ وَاتَّقَواْ أَجْرٌ عَظِيمٌ (172)

(به تايبەت) ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم چوون دوای ئەوەی کە تووشی ناخۆشی و زام و ئێش بوون، بۆ ئەوانەیان کە چاکەیان کردو پارێزکار بوون پاداشتی زۆر گەورەو بێ سنور ئامادەیە.

الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ (173)

ئەوانەی کە (هەندێك لە) خەڵکی پێیان دەڵێن: بەڕاستی خەڵکی هەمووی خۆیان بۆ ئێوە کۆکردۆتەوە و خۆیان بۆ ئێوە ئامادە کردووە، لێیان بترسن (خۆتان توشی بەڵا مەکەن) بەڵام ئەوان (واتە ئیمانداران) زیاتر باوەڕیان دامەزراو بوو، وە وتیان: خوامان بەسە کە یاریدەدەر و یارمەتیدەرمان بێت.

فَانقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُواْ رِضْوَانَ اللّهِ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ (174)

ئەوسا ئیتر موسوڵمانان گەڕانەوە هاوڕێ لەگەڵ فەزڵ و نازو نیعمەتیی خوایدا، هیچ ناخۆشیەکیشیان بۆ پێش نەهات، وە شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتبن و (هەر ئەوەشیان مەبەست بوو)، خوای گەورەش هەر خۆی خاوەنی فەزڵ و ڕێزێکی زۆر گەورەیە.

إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (175)

ئەوە تەنها شەیتانە کە باوەرەکانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بوڵکو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن. (بێ گومان ترسان لەخوا ئاسودەیی و ئارامیی دەبەخشێت بە ئیماندار).

وَلاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّواْ اللّهَ شَيْئًا يُرِيدُ اللّهُ أَلاَّ يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (176)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) خەفەت مەخۆ لەوانەی کە بەپەلە بەرەو کوفر دەچن، ئەوانە هەرگیز ناتوانن هیچ زەرەرێك بەخوا بگەیەنن، خوا دەیەوێت هیچ بەشێکیان لە قیامەتدا پێ نەبەخشێت، سزای سەخت و زۆر ناسۆریش بۆیان ئامادەیە.

إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ لَن يَضُرُّواْ اللّهَ شَيْئًا وَلهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (177)

بەراستی ئەوانەی کە کوفریان هەڵبژارد لە جیاتی ئیمان، کوفریان کڕی لەجیاتی باوەڕ، بەهیچ جۆرێك زەرەر بە خوا ناگەیەنن بەڵکو سزای بەئێش چاوەڕێیانە.

وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُواْ إِثْمًا وَلَهْمُ عَذَابٌ مُّهِينٌ (178)

ئەوانەی کە کوفریان گرتۆتە بەر، وا نەزانن کە مۆڵەتمان داون و (نازو نیعمەتی دنیامان پێ بەخشیون) ئەوە خێرە بۆیان ئێمە بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا زیاتر گوناهبار ببن وە سزایەکی خاجاڵەت ئاوەر چاوەڕێیانە.

مَّا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللّهَ يَجْتَبِي مِن رُّسُلِهِ مَن يَشَاء فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَإِن تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ (179)

خوا ئیمانداران واز لێ ناهێنێت هەر وەکو ئەوەی کە ئێستا ئێوە هەن (دڵسۆز و نادڵسۆز، خەم خۆرو بێ باك تێکەڵن)، هەتا پیس و ناپاك لەیەك جیا نەکاتەوە (بەهۆی جۆرەها تاقی کردنەوەو پێشهاتەوە)، وە خوا جیهانی شاراوەتان نیشان نادات (تا ئایندە بزانن)، بەڵکو خوا لە پێغەمبەرەکانی هەڵدەبژێرێت (تا لە هەندێك نهێنی ئاگادار بن بەو ڕادەیەی کە پێویستە)، دە باوەڕ بکەن بە خواو پێغەمبەرانی، خۆ ئەگەر باوەڕی (بەهێزتان) هەبێت و پارێزگار بن و لەخوا بترسن پاداشتی بێ سنورو نەبڕاوە چاوەڕێتانە.

وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (180)

ئەوانەی کە بەخیلی و ڕەزیلی دەکەن و، لەو نازو نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیون، نابەخشن، وا نەزانن کارێکی چاك دەکەن، بەڵکو کارێکی خراپ و نادروست دەکەن.

چونکە ئەو شتانەی کە نەیان دەبەخشی لە ڕۆژی قیامەتدا دەست دەنێتە بینیان و دەبنە کۆت لە گەردنیاندا، (بێگومان) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، وە خوا زۆر ئاگایە بە هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

لَّقَدْ سَمِعَ اللّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاء سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ الأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ الْحَرِيقِ (181)

بێگومان خوای پەروەردگار گوفتاری (نابەجێی) ئەو (جولەکانەی) بیست کە وتیان: خوا هەژارەو ئێمە دەوڵەمەندین!! ئێمە ئەو گوفتارانە یاداشت و تۆمار دەکەین لەسەریان، هەروەها کوشتنی پێغەمبەران بە دەستی ئەوان بە ناحەق لەسەریان دەکەوێت، (لە دۆزەخیشدا) پێیان دەڵێین: بچێژن سزای ئاگری سوتێنەر.

ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ (182)

(بێگومان) ئەو سزایە لە سەرئەنجامی دەست پێشکەری خۆتاندایە، چونکە خوا هیچ جۆرە ستەمێك لە بەندەکان ناکات.

الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلاَّ نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىَ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (183)

(ئەو جولەکانەی) کە دەڵێن: خوا پەیمانی داوە بە ئێمە کە بە هیچ پێغەمبەرێك باوەڕ نەکەین تا قوربانیەکمان بۆ نەکات و (نەیبینین) کە ئاگر دەیسوتێنێ و لە ناوی دەبات.

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ژمارەیەك پێغەمبەر لە پێش منەوە ڕەوانەکراون بۆتان بە چەندەها (معجزة)وە، وە بەو داخوازیەشەوە کە دەیڵێن..دەی بۆ کوشتانن و (شەهیدتان کردن) ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن؟!

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآؤُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ (184)

خۆ ئەگەر بە درۆیان خستیتەوە ئەوە دڵنیابە کە زۆرێك لە پێغەمبەرانی پێس تۆ بە درۆ خراونەتەوە هەرچەندە جۆرەها (معجزة)و نامەی پڕ لە ستایش و ئامۆژگاری و کتێبی ڕووناك کەرەوەیان پیادا ڕەوانە کرابوو.

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ (185)

هەموو کەسێك دەبێت بمرێت، هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت، تەنها لە ڕۆژی قیامەتدا کرێ و پاداشتان بە تەواوی وەردەگرن و (دەرئەنجامی کردەوەکانتان دێتەوە ڕێتان) ئەوسا ئەوەی ڕزگار بوو لە ئاگر، ئەوەی دەرباز بوو لە دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە، ئەوە ئیتر سەرفراز و سەرکەوتووە، ژیانی دنیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە (شتێکی تر نیە).

لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ أَذًى كَثِيرًا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ (186)

بێگومان تاقی دەکرێنەوە لە ماڵ و دارایی و خۆیشتانا (زەرەر لە ساماندا دەکەن، خۆتان توشی ناخۆشی و ئازار دەبن) هەروەها لە خاوەنانی کتێبی پێش خۆتان و لە موشریك و هاوەڵپەرستانەوە ئازارێکی زۆر

دەبیسن (ئەوەندە بوختان و قسەی نابەجێتان بۆ هەڵدەبەستن، وەك ئازار بەر گوێتان بکەوێت وایە) بەڵام ئەگەر خۆ ڕاگر بن و پارێزکار بن و لە خوا بترسن و (لە سنوری دەرنەچن) بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لە کارە پەسەندو کردەوە پایەدارەکانە.

وَإِذَ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاء ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْاْ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ (187)

(یاد بێنەرەوە) کاتێ کە خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کە کتێبیان پێ بەخشراوە کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی و مەرامەکانی باس بکەن و نەیشارنەوەو (ونی نەکەن)، کەچی خستیانە پشت خۆیان و بە نرخێکی هەرزان فرۆشتیان (ئەگەر هەموو دنیاش بێت، دینی بۆ بفرۆشێ هەرزان فرۆشراوەو زەرەرێکی بێ سنورە) ئای کە شتێکی بێ نرخیان کڕیوە و دەستیان کەوتووە.

لاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ فَلاَ تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِّنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (188)

ئەوانەی کە دڵخۆشن بەوەی کە هەیانە، وە حەز دەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکا لەسەر کارو چاکەیەك کە نەیانکردووە، وا مەزانن (کارێکی چاك دەکەن) واش دامەنێن کە ئەوانە لە دەست سزا ڕزگاریان بووە، بەڵکو سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە.

وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (189)

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، وە ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ (190)

بەڕاستی لە دروست کردنی ئاسمان و زەویدا، وە لە جیاوازی شەوو ڕۆژدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند.

الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (191)

ئەوانەیكە یادی خوا دەكەن (لە كاتێكدا كە) بە پێوەن یا دانیشتون یا ڕاكشاون (لە هیچ حاڵەتێكدا یادی ئەو زاتە فەرامۆش ناكەن) وە هەمیشە بیر دەكەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەكان و زەوی (بیر دەكەنەوە لە هەموو ووردەكاریەك، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، وە سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروستكراوانەت بێ هودەو بێ ئامانج دروست نەكردووە، پاكی و بێگەردی شایستەی تۆیە، دەبمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.

رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ (192)

پەروەردگارا بەڕاستی تۆ هەركەس بخەیتە ناو ئاگی دۆزەخەوە، ئەوە ئیتر شەرمەزارو ریسواو خەجاڵەتت كردووە، (وە لەوێ) ستەمكاران هیچ جۆرە پشتیوانێكیان نیە.

رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ (193)

پەروەردگارا ئێمە گوێمان لە بانگ خوازێك بوو، بانگی كردین بۆ ئیمان و (دەیگوت) ئیمان بێنن بە پەروەردگارتان (ئێمەش بێ دوودڵی، بێ ماتڵی، خێرا) باوەڕمان كرد، ئیمانمان پێت هێنا. پەروەردگارا دە لە گوناهو هەڵەكانمان خۆش ببە، وە چاوپۆشی بكە لە كردارە ناپەسەندەكانمان، وە (لە سەر ڕێبازی) چاكان و (بەختەوەران) بمانمرێنە.

رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلاَ تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الْمِيعَادَ (194)

پەروەردگارا ئەو بەڵێنانەمان بۆ ئەنجام بدە كە لە سەر زاری پێغەمبەرانتا بە ئێمەت داوە (كە سەركەوتنە لە دنیادا وە بەهەشتی بەرینە

له داهاتودا) وه له ڕۆژی قیامه‌تیشدا خه‌جاڵه‌ت و ڕوو زه‌ردمان مه‌كه‌، بێگومان تۆ به‌ڵێن شكێن نیت و به‌ڵێنی خۆت ده‌به‌یته سه‌ر.

فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُواْ وَقُتِلُواْ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ (195)

(كاتێ كه‌ ئیمانداران به‌م شێوه‌یه‌ نزایان كرد، كه‌ په‌روه‌ردگاری ئازیزیان فێریان ده‌كات) بێگومان ئه‌و زاته‌ دوعاكانیان لێ وه‌رده‌گرێت (به‌ هاناو هاواریانه‌وه‌ ده‌چێت بۆیه‌ ده‌فه‌رموێت): به‌ڕاستی من هه‌وڵ و كۆشش و كارو كرده‌وه‌ی هیچ كام له‌ ئێوه‌ به‌زایه‌ ناده‌م، چ نێرینه‌و پیاوتان، چ مێینه‌و ئافره‌تان (چونكه‌) هاوكاری یه‌ك بوون (له‌ چاكه‌و چاكه‌كاریدا) جا ئه‌وانه‌ی كۆچیان كرد، وه‌ له‌ شوێنه‌واری خۆیان ده‌ربه‌ده‌ر كران و ئازارو ئه‌شكه‌نجه‌ دران له‌ پێناوی مندا، وه‌ جه‌نگان و شه‌هید كران، به‌ڕاستی چاوپۆشی ده‌كه‌م له‌ هه‌ڵه‌و گوناهه‌كانیان، وه‌ ده‌یانخه‌مه‌ باخ و باخاتی به‌هه‌شته‌وه‌ كه‌ جۆبارو ڕوبار به‌ژێر دره‌خته‌كانیداو به‌ناو كۆشكه‌كانیدا ده‌ڕوات، ئه‌مه‌ش پاداشتێكه‌ له‌لایه‌ن خواوه‌ (پێشكه‌شیان ده‌كرێت) وه‌ خوا چاكترین پاداشتی لایه‌، (بۆ چاكه‌خوازان).

لاَ يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي الْبِلاَدِ (196)

هێزو ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وانه‌ی كه‌ كافرن له‌ وڵاتاندا (ئه‌ی ئیماندار) تۆ له‌ خشته‌ نه‌بات.

مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ (197)

(ئه‌وه‌ هه‌ر هه‌مووی) ڕابواردنێكی كه‌مه‌ (چونكه‌) له‌وه‌ودوا شوێن و جێگه‌یان دۆزه‌خه‌، كه‌ ناخۆشترین جێگه‌و ڕێگه‌یه‌.

لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلاً مِّنْ عِندِ اللّهِ وَمَا عِندَ اللّهِ خَيْرٌ لِّلأَبْرَارِ (198)

بەڵام ئەوانەی کە پارێزکار بوون و لە سزای پەروەردگاریان دەترسان (جێگەو ڕێگەیان) باخ و باخاتی بەهەشتە کە جۆبارو ڕووبار بەژێر درەختەکانیداو بە بەردەم کۆشکەکانی دا دەڕوات هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی دا، ئەم شوێنانەش لەلایەن خواوە ئامادە کراوە، ئەڵبەتە ئەوەی کە لای خوایە چاکترو بە نرخترە بۆ چاکەکاران و خواناسان.

وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلّهِ لاَ يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُوْلَئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (199)

هەندێك کەس هەیە لە خاوەنانی کتێب کە باوەڕی بە خوا پتەوو دامەزراوە، هەروەها بەو (قورئانەش) کە بۆ ئێوە ڕەوانە کراوە، وە بەو کتێبانەش کە بۆ خۆیان ڕەوانە کرا، ئەوانە ترسی خوایان لە دڵدایەو مەبەستیانە خوا لێیان ڕازی بێت، ئایەتەکانی خوا بە نرخێکی کەم (یاخود بە هیچ نرخێك) نافرۆشن، ئەوانە پاداشتی (ئیمان و باوەڕی) خۆیان لای پەروەردگاریان وەردەگرن، بە ڕاستی خوا بە خێرایی لێ پرسینەوە ئەنجام دەدات (تا بە زوویی بەختەوەران بخاتە بەهەشتەوەو ناپوختەکانیش لە دۆزەخ توند دەکات).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (200)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆگر بن و خۆڕاگریی و ئارامگریی بەسەر خۆتاندا بێنن، هەوڵ بدەن هەمیشە لە سەنگەری هەوڵ و کۆشش دا بن، لە خوا بترسن و پارێزکار بن بەڵکو سەرفرازیی (هەمیشەیی) بەدەست بێنن.